www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:41 7-3-2007

## بەریتانیا. . . پلانێک بۆ بەزۆر چۆڵ پێکردنی کوردەکان ... 8000 پەنابەر لەم ساڵدا بڕیاری دەرکردنیان دراوە و چیتر بەریتانیا شوێنێک بۆ ئارمی کوردەکان نییە ... ئا: ڕێبوار عەزیز*

چیرۆکی هاتنەوەی بەڵێن لەبەریتانیاوە بەدەر لەگەڕانەوەکانی تری گەنجە کوردەکان پڕاوپڕە لەنەهامەتی و نیگەرانی ئەو بەگەڕانەوەکەی هەرگیز ئەو ساتەی بیر ناچێتەوە کەچۆن چەند ساڵێك لەمەوبەر لەڕێگەی قاچاخەوە ملی هەندەرانی گرتەبەر.

بەڵێن سابیر تەمەنی لە 26 ساڵ تێپەڕ ناکات، هەست بەکەمی خۆی و ئەو ڕێزە دەکات کەتەواوی دنیاو وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا پڕوپاگەندەی مرۆڤایەتی بۆ دەکەن و میدیاکانیان پڕکردووە لەو بابەتانە.

بیست و پێنج ڕۆژ دوای تێپەڕبوونی مانگی نوێ ساڵی 2005 ڕۆژی بەکەلەپچەکراوی ئەو گەنجەو سی هاوڕێی تری بوو کەلەڕێگەی فڕۆکەیەکی سەربازیەوە لەبەریتانیاوە بەرەو هەولێر بەزۆر نێردرانەوە، تەنانەت بۆ هەر یەکێکیان سێ سەربازی ئینگلیز چاودێریان لەنێو فڕۆکەکەشدا دەکرد.

پلانێکی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا لەبەرامبەر پەنابەرە کوردەکانی شار جیاوازەکاندا پلانێکی شەر ئامێزەو جۆرێکە لەبێ هەژماری مافی پەنابەران، لەو پلانەدا کەبەڵێن لەبەشێکی ئاگادارە "بەزۆر ناردنەوەی زۆرینەی کوردەکانە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان".

دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی کەلەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتەدا گەڕابووە کوردستان بەتوندی ڕەخنە لەناردنەوەی بەزۆری پەنابەران دەگرێت و دەڵێت "ئەوە پێشێلکردنی مافی پەنابەرە کوردەکانەو لایەنە پەیوەندیدارەکانیش تاوەکو ئێستا بەرپرسیاریان لەو پرۆسەیە ڕانەگەیاندووە".

دەشتی سەر گەرمی گفتوگۆی بەردەوامە لەگەڵ پارلەمان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان بۆ شیکردنەوەو کەمکردنەوەی ناردنەوەی پەنابەرە کوردەکانی بەریتانیا "هۆکاری هاتنەوەکەشی بۆ هەمان مەبەست بووە".

چەند زانیاریەکی ڕۆژنامەوانی بەریتانی لەنێوانیاندا ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی و ڕادیۆیی "بی بی سی" ئاشکرای دەکات" کەپلانەکە زیاتر لەهەشت هەزار کوردی دانیشتوی شارە جیاوازەکانی بەریتانیا دەگرێتەوە".

بەڵێن سابیر دەڵێت" پلانەکە کۆکە لەسەر ناردنەوەی ئەو پەنابەرانەی کەسەرکێشن و موخالەفەی یاساکانیان کردووە، بەڵام من هیچ موخالەفەیەکم نەکردووە".

خۆپیشاندانی مانگێك لەمەوبەری کوردەکانی بەریتانیا بۆ بەردەم "هۆم ئۆفیس" لەشاری لەندەن ڕاچەڵەکاندنێکی تری تەواوی کوردەکانبوو لەبەرامبەر نارەزایەتی دەربڕینی پلانی حکومەتەکەی تۆنی بلێرو لەڕۆژەکانی (9 و 10) ی ئەم مانگەشدا زنجیرەیەك خۆپیشاندان لەشارەکانی لەندەن و لیستەر و مانچستەر سازکرا و تێدا بەسەدان پەنابەر کەلەشارەکانی (پیتەر بۆرۆ و نۆتینهام و کۆڤێنتری و دۆن کاستەر و ستۆك ئۆنترێنیت و برایتن و بەرمنگهام) ەوە هاتووبوون ڕژانە سەر شەقامەکان و نارەزایان دەربڕی.

دروشمەکانی "نا بۆگرتن، نا بۆ گەڕانەوەی پەنابەران بۆ کوردستان، عێراق نا ئەمنە، کوردستان جێگر نییە" چەند بەشێکن لەنارەزایەتیەکانی کوردەکان لەدژی ئەو پرۆسەیە و لەبەرامبەریشدا چەندین ڕۆژنامەی ئەورووپی و جیهانی ئەو هەواڵانەیان بڵاوکردەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆپیشاندانەکەی شاری لەندەنی پایتەخت کەلەبەرواری (2/10) دەستی پێکرد و نارەزایەتیەکەیان بەرەو گرتووخانەی کۆڵن برۆك گواستەوە کەشوێنێکی نزیکی فرۆکەخانەی هیسترۆیە تێدا جان مکدۆناڵد ئەندامی پارلەمانی بەریتانیا و ئەندامی بەرەی دژی دیپرۆتی پەنابەران بەشداری کرد لەو رۆژەدا بریاری دا نامەی نارەزایەتی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆی بەریتانیا بکات. سەرچاوەیەك لەدوای خۆپیشاندانەکەوە لەپەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بەخوێندنی لیبراڵی راگەیاند کە" چەند گروپێك لەرێگەی نمایشی شانۆیی و میوزیکەوە پشتیوانیان لێیان لەنارەزایەتیەکەیان کردووە".
فیدراسیۆنی پەنابەران کەلەمکاتەدا دەشتی جەمال سکرتێریەتی بۆ ئەو مەسەلەیە ئیمزای نزیکەی 2000 پەنابەری کوردی ئاراستەی سەرۆکی پارلەمانی ئەوروپا کردوە، سەرەرای پشتگیریکردنی چەندین لایەن و رێکخراوی تر " لەبەرامبەردا سەرۆکی پەرلەمان بەڵێنی پێداچوونەوەی لەو پرۆسەیەدا ئاشکرا کردووە".
لەسەرەتایی ئەمساڵەوە بەو پێیەی بەڵێن لەهاورێکانیەوە لەپەیوەندی دایە پلانەکەی بەریتانیا توندتر بوەتەوەو لەپێشدا بە 39 پەنابەری دی دەستپێدەکات کەلەرێگەی فرۆکەی سەربازیەوە رەوانەی فرۆکەخانەی هەولێر دەکرێن.
سەرچاوەیەك ئاماژە بەگرتنی ئەو گەنجانە و توندکردنیان لەزنیدانەکانی بەریتانیادا دەکات و بریاریشە لەم چەند مانگەدا بەهەمان شێوەی ساڵی 2005 لەرێگەی باڵەفرەیی سەربازیەوە رەوانەی کوردستان بکرێنەوە، بەڵێن گلەیی دەکات "بۆچی فرۆکەخانەی هەولێر لەو رۆژدا داناخەن، لەکاتێکدا گەنجی کورد لەدەست نەهامەتیەکانی وڵات کۆچ دەکەن".
ئەو جەخت لەوەش دەکاتەوە کە" کۆپیەکی رێکەتنامەکەی نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی بەریتانیای بینیوە کەداوا کراوە بەزۆر پەنابەرەکانیان بنێرنەوە". هەروەك هۆکاری ئەمە دەگەرێتەوە بۆ بیانووی "ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کوردستان کەبەپێچەوانەشەوە هیچ گرتنتیەك بۆ ژیان لێرە نییە".
دەشتی کۆکە لەسەر جێبەجێکردنی بەردەوامی ناردنەوەی پەنابەران" ئەگەر حکومەتی کوردستان هەڵوێستی نەبێت و قسە لەو مەسەلەیە نەکات".
عەدنان موفتی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان لەسەرەتای ئەم مانگەدا لەگەڵ نوێنەرێکی حکومەتی دانیمارك و ئەندامی پەرلەمانی ئەوروپا لەو بارەیەوە گفتوگۆی کردووە، لەئاماژەیەکی سەرەتایدا رەخنەی لەو پرۆسەیەی بەریتانیا گرتووە.
خوێندنی لیبراڵ زیاتر لەجارێك هەوڵی دا پەیوەندی بەتاهیر هەورامی بەرپرسی فرۆکەخانەی هەولێرەوە بکات، بەڵام " بەبیانوی کۆبونەوەو سەرقاڵی" ئامادەنەبوو وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەیەك لەراگەیاندنی فرۆکەخانەوە بێ ئاگایی خۆی لەو پرۆسەیە راگەیاندو وتیی" ئێمە ناتوانین بەر هەڵستی ئەو پرۆسەیە بکەین چونکە ئەوە لەسەرووی دەسەڵاتی ئێمەوە کاری بۆ کراوە".
لەبارەی بوونی رێکەوتنانەی نهێنی لەنێوان حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی و تۆنی بلێردا، ئەو سەرچاوەیە کەئامادەی ئاشکراکردنی ناوەکەی نەبوو وتی"ئێمە ئاگاداری ئەو رێکەوتنامەیە نیین".
نوسەری ئەو بابەتە ئەندامی دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی (خوێندنی لیبراڵ) ە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.